# پێشمەرگە و میلیشا

## زێدەفرۆشیی سیاسیی لە نێوان بێسەوادیی و چەواشەکردندا

پاش ئەوەی پارلەمێنتار کاک عەدنان عوسمان لە لێدوانێکدا باسی لە هەبوونی "میلشا" کرد لە زۆر لاوە هەرەشە و گورەشەی ناپێویست و لە عەیاردەرچوو دەکردرێت کە دڵنیام دەتوانێت زیانی بەرچاو بە پرۆسەی دیموکراسیی لە باشووری وڵات بگەیەنێت.

میلشا لە رەسەندا وشەیەکی لاتینیە و بە پێی هەموو فەرهەنگە ئینگلیزیەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم. بە پێی هەموو **فەرهەنگە** ئینگلیزیەکان و زۆرینەی فەرهەنگە سیاسیەکان ئەو وشەیە ناوەرۆکێکی پۆزەتیڤ، واتە ئەرێنیی هەیە، کە ئەگەر وەربگێردرێتە سەر کوردیی دەبێتەوە بە وشەی "پێشمەرگە". بە پێی هەموو ئەو فەرهەنگانە"میلیشا Militia" کە لە 1 کوردیدا هەر لە خۆوە کراوە بە "میلیشیا" بەو هێزە دەگوترێت کە لە کۆمەڵانی خەڵکی جیاواز پێک دێت و کە بێ ئەوەی چاوەڕووانی پاداشت و مووچە بن وڵات و هەبوونی خۆیان دەپارێزن.

لە شۆڕشی رووسی ساڵی ١٩٠٥ و پاشان ١٧ ئوکتوبەر ١٩١٧ هێزی میلیشا کە بە رووسیی هەمان وشەیە هەبوو.
مەنشەڤیکەکان و بۆلشەڤیکەکان و سەرجەم لایەنەکانی دیکە خاوەنی میلیشای خۆیان بوون. پاشان بە ناوی "میلیشای جووتیاران و کرێکاران" هێزێک دامەزراو و پاش دروستبوونی سۆڤیەت بۆلشەڤیکەکان ئەو میلشایەیان کرد بە سپایەکی یەکگرتوو.
لە نێزیکەی سەرجەم وڵاتەکانی ئوروپای رۆژهەڵات تەنانەت ئێستایش بە هێزی پۆلیس دەگوترێت میلیشا.
**لە شۆڕشی ئەمەریکادا ئەم وشەیە هەروەها بەربڵاو بوو. بۆ نموونە کاپتن جان پارکەر یەکێکە لەوانەی کە تەنانەت لە ئەمەریکا پەیکەریشی بۆ ساز کراوە و بە سەرسوپایەکی میلیشای شایانباس دەناسرێت.**
**لە فەرەنسا ئەوانەی لەگەڵ ئەڵمانیای نازیدا کاریان دەکرد بە "میلیس Milice /میلیشا" ناو دەبران، ئەویش دروست بە توانجەوە بەوانەیان دەگوت کە لەگەڵ دوژمندا کار دەکەن و مەبەستیان ئەوەبوو کە دەبا بۆ گەل بیانکردایە.** هەمان توانجی سیاسیی لە باشوور دژ بە جاش (١٩٦٦-١٩٦٩) بە کاربردراوە کە بە شۆخی و گاڵتەوە بە جاشیان دەگوت "پێشمەرگەی حکومەت".

کەواتە میلیشا بە مانای "سپای میللی" دێت و وشەیەک نییە کە نێگەتیڤ بێت و پێویست ناکات کەس بە هەڵە لێی حاڵی بێت.
خۆ ئەگەر لە ناو کورددا وشەی پێشمەرگە جێی خۆی گرتووە هەر نابێت بەو مانایە بێت کە وشەی میلیشا و گەریلا و پارتیزان دڵی کەس ئازار بدەن. هەر خۆیشتان ئەوەتان لە دەستووردا باس کردووە کە نابێت "میلیشا دەر لە چوارچێوەی یاسادا" هەبێت. خۆ ئێوە هەر یەکەتان خاوەنی یاسایەک نیین، یان هەن؟
ئەو هێزە چەکدارەی لە کوردستان ئێستا هەیە، جا ناوی پێشمەرگە، زێرەڤانیی، میلیشا یان هەر شتێکی دیکە بێت، هێزی حیزبن و تا ئەو کاتەی سوپایەکی نەتەوەیی دروست نەبێت هەر هێزی چەکداری یەک لایەنن و تەواو.

بۆ کورتکردنەوەی باسەکە بە سەر باسی ساڵانی ١٩٦٠ – ١٩٧٩ دا تێپەڕ دەبم و لە ساڵی ١٩٨٠ ـەوە دەست پێ دەکەم.

١. پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوون کە هێزی پێشمەرگەیان لە شێوەی "جوقد" و "جود" کرد بە دوو بەشەوە و تەنانەت گازبارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفالی سەرتاسەرییش هێندەی نەهێنا کە هێزی ئەوان بکات بە یەک.
٢. دابڕانی یەکێتی و پارتیی تەنانەت بە داوەتی مادێلن ئەلبرایت ـ یش نەبوو بە یەک، کە بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە ساڵی ١٩٩٦ لە بەردەم کۆشکی سپی خۆی لە ناوەندی کاک مەسعود بارزانی و کاک جەلال تاڵەبانییدا وێستابوو و دەستی هەردووکیانی بڵند کردەوە.
٣. لە ساڵی ١٩٩١ ـەوە هەتا ئێستا لەگەڵ هەموو هاواری ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستاندا کە هەزاران جار دەستدامێنتان بوون و لەگەڵ داوای هەموو جیهانی رۆژئاوا کە داوایان لێتان کردووە، ئێوە نەتانتوانیوە و نەتانویستووە هێزی خۆتان بکەن بە یەک، لەگەڵ ئەوەیشدا کە سەدان و بگرە هەزاران فرسەتان لە بەردەستدا بووە و هەر خۆشتان دەستەڵاتدار بوون و کەس لەسەر رێگاتان نەبووە بە کۆسپ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە: ئایا میلشا گوتنی عەدنان عوسمان پێشمەرگە سووک دەکات یان کاری ئێوە؟

- لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا هێزی پێشمەرگەی هەر هەموو لایەنەکان زیاتر لە ٢٢٠٠ (دوو هەزارودووسەد) کەس نەبوو. لەم ساڵانەی دواییدا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ناوی دەیان هەزار کەسیان بە پێشمەرگەی "کۆن/ دێرین" ناونووس کردووە و بەو شێوەیە لایەنگری ئیجباریی حیزبییان بۆ خۆیان دروست کردووە. ئایا ئەمە سووک کردنی هێز و ناوی پێشمەرگەی کوردستانە یان بە میلیشا بانگ کردنی؟
- بێ‌لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەروەها حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە باڵەکانیەوە، حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، جۆرەکانی ئیسلامیی و ئەوانی دیکە هەموو هێزی جودای پێشمەرگەی خۆیان هەیە و بەشیک نین لە هیچ لایەنێکی دیکە، ئایا ئەمە هێزی پێشمەرگە و ناوی پێشمەرگە لاواز دەکات یان بە میلیشیا ناوبردنی؟
- کاک مەسعود بارزانی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و کاک جەلال تاڵەبانی کە سەرۆکی ئێراق و فەرماندەی هێزی سپای ئێراقە ناتوانن فەرمانێک بەسەر یەک دانە "پێشمەرگەی" ئەوی دیکە یان ئەوانەی دیکەدا بدەن. ئایا ئەوە سووککردن و بێنرخکردنی پێشمەرگەی کوردستانە یان بە میلیشا ناوبردنی؟
- تا ئێستا بە بەرچاوی هەموو دانیشتووانی کوردستان و دوژمنان و جیهانەوە دوو وەزارەتی پێشمەرگە هەیە کە وەکو دوو هێڵی تەریب هەرگیز بە یەک ناگەن، ئایا ئەوە سووککردن و بێنرخکردنی هێز و ناوی پێشمەرگەیە یان بە میلیشا ناوبردنی؟
- ئێوە دەزانن کە هیچ کوردێک نازانێت بودجەی ئەم هێزانەی ئێوەمانان هەتانە چەندە؟ نازانرێت بە ڕاستی چەند کەس کە ڕەنگە جاش و جاش شەعبی و بەکرێگیراوبووبن و هەر ئێستا مووچەی پێشمەرگایەتیی ئیجباریی وەردەگرن چەندن و ئەو پارەیەی پێیان دەدرێت چەندە. ئایا ئەوە هێز و ناوی پێشمەرگە سووک دەکات یان بە میلیشا ناوبردنی؟
- ناونووسکردنی دەیان هەزار ناپێشمەرگە بە پێشمەرگە کە لە هیچ چالاکیەکدا بەشدار نەبوون و ڕەنگە کەسانی تێدا بێت کە خراپەکاریشیان کردبێت، ناوزڕاندن و سووککردن و بێنرخکردنی هێزی پێشمەرگەیە یان بە میلیشا ناوبردنی؟

لە کۆمەڵگای دیموکراسییدا مرۆڤ هاوشان و هاورێز و هاوماف و بەرابەرن و بۆیان هەیە بە ئارەزووی خۆیان لەسەر هەر شتێک بدوێن کە بە لایانەوە گرینگە و باسی "پەڕاندنی خەتی سوور" لە ئارادا نییە. دەستەڵات خزمەتکارێکی هەڵبژێردراوە، نابێت ڕێگا بدرێت خۆی بکات بە بابێکی ڕق ئەستووری خۆفەرزکەر.
خۆتوورەکردن و خۆهێنانوبردن کە گوایا ناوبردنی پێشمەرگە بە میلیشا پەڕاندنی "خەتی سوورە"، زێدەفرۆشییەکی سیاسیی ئاو لێداچۆڕاوە.
لە کوردستانی ئەوڕۆدا "پەڕاندنی خەتی سوور" دەبێت شتی وەکو ئەمانە بن:

- کۆتایی نەهێنان بە بردنی پارە و سامانی کوردستان بۆ خەزێنەی شەخسیی
- کۆکردنەوەی سەدان ملیارد دۆلار لەسەر سامان و موڵکی نەتەوەیی
- بە کارمەندکردنی دەیان هەزار کەس کە بە شەهادەی تەزویر و ساختە و قولابییەوە کە کەس نازانێت لە کوێ خوێندوویانە کراون بە ڕابەر و بە بەرپرسیار.
- خزمخزمێنە و بڵاوکردنەوەی نیپۆرتیزمە وا کە هەموو کۆنراکت و مقاولاتە گەورەکان بە پورزا و ئامۆزا و ئامۆزازا و خوشکەزا و میمکەزا و کەسانی ناو بازنەی خوێنین دراون و دەدرێن.
- بە ئیجباریکردنی پێشمەرگەبوونە بۆ زیادکردنی ئەندامی حیزبەکانی ناو دەستەڵات. نموونەیەک ئەوەیە کە یەکێک لە کادێرە بەرزە ناسراوەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە چەندین چاوپێکەوتندا ڕاشکاوانە دەڵێت کە یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان ٤٢٠ هەزار ئەندامی هەیە. پرسیار لە بەڕێزتان ئەوەیە: ئایا لە چ کۆمەڵگایەکی چوار ملوێنیدا، کاتیک لانی کەم ٤٠ حیزب و ڕێکخراوە هەیە، و کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەنگە گەورەترینیان بێت، حیزبێک دەتوانێت ٤٢٠ هەزار ئەندامی هەبێت، واتە نێزیکەی هەشتیەکی ژمارەی دانیشتووانی؟
- دانی مووچەی خەیاڵیە بە کەسانێک کە ئەسڵەن شایستەی نیین و کە هیچ جۆرە مێژوویەکی خەباتیان تۆمار نەکردووە.

- پێدانی مووچەی ٦٠٠ تا ٨٠٠ دۆلارە بە کەسانێکی ئوروپانشین بە ناوی پێشمەرگەی دێرینەوە کە یەک دانە کاژێر پێشمەرگایەتیان نەکردووە.
- هەبوونی مووچەی نادیاری بێسنوورە بەوانەی پۆست و مەقامی کلیلیان لە دەستەڵاتدا هەیە
- بەیەک نەکردنی وەزارەتگەلی وەکو دارایی، پێشمەرگە و بەرگریی و دەرەوەیە.
- ئامادەنەبوونە بۆ کردنەوەی بانکێکی نەتەوەیی کە هەرچی پارەوپولی نەتەوەییە بچێتە ناوی
- رێگادانە بە هەرچی جۆری گەندەڵییە لەو پەڕیی گەشەی خۆیدا بێت
- شاردنەوەی باسی گرینگی وەکو بودجەیە لە خەڵک کە سەبارەت بە ژیان و مەرگ و ئاییندەی خۆیان و منداڵانیانە
- بە بارمتەکردنی کارمەندانە کە ئەگەر ئیمزا بۆ حیزبێکی دەستەڵات نەکەن وەدەر دەنرێن
- بەکاربردنی پارەی خەڵکی کوردستان خۆیانە بۆ بێشەخسیەتکردن و سووککردنیان وا کە بە ٢٠٠ دۆلار و ٤٠٠ دۆلار مەجبوری ویژدانفرۆشیی و دژایەتیکردنی یەکتر بن بە قازانجی دەستەڵات



لە کۆمەڵگای مۆدێرن و دیموکراسییدا هیچ شتێک نابێت پەڕاندنی هێڵی سوور بێت، نە خودا، نە سەرکردە، نە پێشمەرگە، نە دادوەر، نە شێخ و نە مەلا. کۆمەڵگایەک کە دەیەوێت دیموکراسیی بێت و رووەو حکومەتی یاسا پێ هەڵبگرێت دەبێت دەستدرێژیی بۆ سەر مرۆڤ و مرۆڤایەتیی و مافەکانی مرۆڤ بە پەڕاندنی هێڵی سوور دابنێت.
پرینسیپی یەکەمینی کۆمەڵگای سڤیل ئەوەیە کە هەموو هاووڵاتییەک دەبێت مافی بۆ هەموو جۆرە پرسیارێک هەبێت و هەموو بەرپرسیارێک بتوانرێت لێی بپرسرێتەوە.
هەموو ئەوانەی پارە و سامانی گەلیان بردووە، هەر کەس هەن و لە هەر کوێ هەن و سەر بە هەر کوێن، دەبێت ئەو پارە و سامانە بگێڕنەوە بۆ خاوەنی ئەسڵی خۆی کە دانیشتووانی کوردستانە.
ئەوە "پەڕاندنی خەتی سوورە" لە لای هەر کەسێکەوە کە کردوویەتی.

ڕێبوار ڕەشید
٢٠١٠/٢/٢٥

تێبینی گرینگ بۆ خوێنەر:
١. "جوقد" کورتکراوەیەکی عەرەبیە بۆ ناوی بەرەیەک کە بە عەرەبی دەبێتە بە (الجبهة الوطنية التقدمية الديمقراطية "جوقد") واتە "بەرەی نیشتیمانیی پێشکەوتووخوازی دیموکراتیی" کە لە رۆژی ١٩٨٠/١١/١٢ دامەزرا و ئەم لایەنانەی تێدا بوو: حزب البعث العربي الأشتراكي – قيادة قطر العراق- احمد العزاوي ابو الجبن، الحزب الشيوعي العراقي – عزيز محمد، یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان- بە سەرۆکایەتی جلال الطالباني، الحزب الاشتراكي في العراق – بە سەرۆکایەتی مبدر الويس، الحركة الأشتراكية – جواد دوش و هەروەها منظمة الجيش الشعبي لتحرير العراق – بە سەرۆکایەتی حسن النهر.
٢. "جود" کورتکراوەیەکی عەرەبیە بۆ ناوی بەرەیەک کە بە عەرەبی دەبێتە بە (الجبهة الوطنية الديمقراطية "جود") واتە "بەرەی نیشتیمانیی دیموکراتیی" کە لە رۆژی ١٩٨٠/١١/٢٨ دامەزرا، واتە ١٦ رۆژ پاش بەرەی یەکەم و ئەم لایەنانەی تێدا بوو: پارتی دیموکراتی کوردستان- بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی، حزب سۆسیالیستی کوردستان – بە سەرۆکایەتی (شەهید) رەسول مامەند و پاسوک – بە سەرۆکایەتی (شەهید) ئازاد مصطفی
٣. ئەو شتەی لە نێوان یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە ناوی هاوپەیمانی دروست بووە، راستیەکەی "هاوپەیمانیی" نییە، بەڵکو رێککەوتنێکە بۆ بەشکردنی دەستەڵاتی سیاسیی لە نێوان خۆیاندا بۆ ئەوەی هێزی سێ، یاخود ئۆپۆزیسیۆن دروست نەبێت. لە رێگای ئەو "هاوپەیمانیەوە" دەستەڵات بە شێوەیەکی موتڵەق قۆرخ کراوە.